# له ئێرانی زەواجی موتعەوە بۆ یادێک لە دکتۆر فەرج فۆدەی نەمر

مەحمود محەمەد عوسمان.
m_o_osman@hotmail.com

8 مانگی 6 ی ساڵی 1992، نووسەران و ڕۆشنبیرانی و خەڵکانی چەپی ئازادیخوازی میسر و هەموو کەسانێک کە ئازادی وشەیان لا گرنگە لە جیهاندا، بە بیستنی کوشتنی فەرج فۆدە لە لایەن ئیسلامییەکی توندڕەوە، تووشی شۆک هاتن. د.فەرەج فۆدە کە نازناوی گیانبەختکردووی ڕێگای وشەی پێبەخشرا لە ساڵی 1945 لە پارێزگای ئەلزەقازیق لە دایک بوو، ماستەری لە زانستی کشتوکاڵی هەبوو و دکتۆرای هەبوو لە فەلسەفەی ئابووری کشتوکاڵ. ئەم کتێبانەی نووسیوە، من تەنها دوو کتێبیم لەبەردەستدایە.

1- الحقيقة الغائبه.
2- قبل السقوط.
3- حوار حول العلمانيه.
4-الارهاب.
5- تكون او لاتكون.
6- حتى لايكون كلاما فى الهواء.
7- زواج المتعه.
8- النذير.
9- الملعوب.

زمانێکی پاراو وخاوەن مەعریفەیەکی فراوان، ئیسلامییەکان توانایان نەبوو وەڵامی بدەنەوە بێ دەسەڵات بوون بۆ ڕەتکردنەوەی بەڵگەکانی.

( سوودی چییە من بە وشە گفتوگۆت لەگەڵ بکەم و تۆش بە دەمانچە، نە قسەکەم دەگاتە تۆ و نە دەمانچەکەت فورسەتم دەدات قسە بکەم)*.

بە هەموو ئەو ئیداعانەی کە باس لەوە دەکەن وە ڕاستییەکی تێدایە کە زمان پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە لە بزافی ئیسلامیدا و هەزارەها کتێبیان بە چاپ گەیاندووە، بەڵام کە بە هەمان زمان ڕەخنەیان لێدەگیرێت یان بە هەمان زمان کۆمەڵی چەمکی کۆمەڵایتی و تێڕوانینێکی تر دەخریتە ڕوو بۆ خوێندنەوەی مێژووی عەرەبی ئیسلام، ئەو کاتە هەموو بەشەکانی زمانیان کلیلی لێدەدرێت و پەنا بۆ کوشتن دەبەن. ئەوەیە لاوازی عەقل و مەعریفەت. بەڵام پێش کوشتن هەمان زمان بەکار دەهێنن بۆ هاندانی کوشتنی کەسانی عەلمانییەت و ئازادیخواز. بە ئاشکرا بانگی کوشتن دەدەن و ئەو توهمانە شیدەکەنەوە بۆ خەڵک و گۆناهەکانی باس دەکەن بە گوێرە بیر وباوەڕیان. بە هەمان بیرکردنەوە دکتۆر حوسین مروەیان لە تەمەنی سەرووی 80 ساڵەوە و نەخۆشی سەرجێگا کوشت، مەهدی عامل و عەبدولخالق مەعروف و مەحموود محەمەد تەهاین کوشت. لیستەکە زۆرە.

دکتۆر خالد منتەسر لە 14.2.2004 لە وتارێکیدا بە ناونیشانی( بۆ ئەوەی فەرج فۆدە لە بیر نەکەین. ئاماژە بۆ نووسینێکی عەبدولغەفار عەزیز، دەکات کە یەکێکە لە توندڕەوە ئیسلامییەکان و چۆن لە کتێبەکەیدا دژایەتی فەرج فۆدە دەکات و کۆمەڵێ توهمە دەخاتە پاڵی، خۆی لە خۆیدا هاندانە بۆ کوشتنی. ) ئیتر پێویستیان بە شانە و ڕیکخستن نییە بۆ پلان دانان بۆ تیرۆر، چونکە تەنها ڕوونکردنەوەیەک لە لایەن

کەسانێکی ئیسلامی یان فەتواداان یان توهمە خستەنەپاڵ، بەسە بۆ توندڕەوێک کە گوێ لێبێت بۆ کوشتنی کەسێکی بەتوانا. عەبدولغەفار عەزیز ئەم تۆمەتانەی خستە پال دکتۆر فەرج فۆدە( کە دوورە لە ڕاستییەوە).1/ فەرەج فۆدە جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی ڕەتدەکاتەوە. 2- ئەو ماوە دەدات بۆ زینا. 3- ماوە دەدات بە درووستکردن و خواردنەوەی مەی. 4- جوێندانی بە سەحابەکان. 5- فەرەج فۆدە گەورەترین هۆیە بۆ ئاژاوە لە نێو مەزهەبەکانە. 6- فەرەج فۆدە عەلمانییە.

باس کردنی محکەمەکەی بکوژی دکتۆر فەرج فۆدە، بۆ زۆر کەس ئاشکرایە و هەڵوێستی ڕابەرانی ئیسلامییەکانیش ڕوون بوو کە بە ئاشکرا پشتگیریان لەم کارە تیرۆرستە کرد و دەستخۆشیان لە بکوژەکە دەکەرد و دەیانوت ئەوە حوکمی خودایە.

ئەو کاتەی حاکمەکە پرسیاری ئاڕەستەی بکوژەکە کرد، وتی بۆ کوشتت؟ وتی: لەبەر ئەوەی عەلمانی بوو. حاکمەکە وتی باشە دەزانی عەلمانیەت مانای چییە؟ وتی نە خێر. بۆ ئەم مەبەستە پرسیاریان لە محەمەد غەزالی کرد( یەکێکە لە سەرکردەکانی ئیخوان ئەلموسلمین) ئایا حوکمی خودا چییە لەسەر بکوژان؟ بە بیروباوەڕێکی قووڵەوە وتی: حوکمی خودایان بەسەریا چەسپاند( ماباستی کوشتنی د. فەرج فۆدە). بە بیستنی ئەمە بکوژەکە هاواری کرد و بە خۆشییەوە وتی: پەشیمان نیم.

ئاخر کەسێکی نەزان و دڵ پڕ لە تاریکی و هیچ نەزانێت دەربارەی نووسینەکانی د. فەرەج فۆدە، بەم شێوەیە لە ڕێگەی کەسانی ترەوە هاندەدرێت بۆ کوشتنی نووسەرێکی خاوەن هەڵوێست و خاوەن میتۆدێکی زۆر هاوچەرخانە لە نووسین، چۆن وەسف بکرێت چگە لە نەهامەتی ئەم سەردەمە و یاسای کوێرانە بەڕێوە دەچێت وکوشتنی بیری ئازاد نەبێت هیچی تر نییە.

عەلی سالمی نووسەری بە ناو بانگی میسری لە ماتەمینییەکەی فەرەج فۆدە وتی: بۆ یەکەم جارە کەوا میسرییەکان خۆشحاڵبن بە مردنی مرۆڤێک و ئەمەش تۆمار بکەن لە کتێبێکدا).

فەرج فۆدە، لە کتێبەکەیدا ( زواج المتعە) دنووسێت:

1_ بانگهێشتی زەواجی موتعە ناکەم.

2_ ڕەزامەند نیم لەسەری.

3_ قەبوڵی ناکەم نە بۆ کچەکانی بنەماڵەکەم و نە بۆ کچانی مۆسڵمان.

دکتور ئەحمەد سوبحی مەنسور، کە پێشەکی بۆ کتێبی ناوبراو نووسییەوە، هەرچەند موسڵمانە و گروپێکی هەیە بە ناوی ( کۆمەڵەی قورئانییەکان) کە هەموو شتێک دەگەڕێنەوە بۆ قورئان، بەڵام لە پلە وپایە لادرا و تەنانەت لەم چەند هەفتەی رابردوودا هەڕەشەی کوشتنی لێکرا.

ئەم کتێبەی دکتۆر فەرەج فۆدە زۆر بە ئاسانی باسی زەواجی موتعە دەکات لە ڕێگەی پرسیار و وەڵام و لەڕێگەی بەڵگەکانی سونە و شیعە. نە ڕۆمانێکی خەیاڵی نووسییەوە وە نە شیعر و چیرۆکی هێناوە بۆ دژایەتی ئیسلام. لە وەڵام و پرسیارەکاندا بەم شێوەیە باسی زواجی موتعە دەکات.

* زەواجێکە بۆ ماوەیەک( کاتییە) بەرامبەر کرێ، کە هەردوو ڕازین لەسەری( مشتێ خورما بێت یان ئارد).

* زەواجەکە بە بێ تەڵاق کۆتای پێدێت ئەگەر ماوەکە کۆتای پێهات.

* ماوەکە هیچ سنووری بۆ نییە، لەوانەیە بۆ چەند کاتژمێرێک بێت. ڕۆژێک یان چەند ڕۆژێک، مانگێک یان چەند مانگێک، ساڵێک یان چەند ساڵێک.

* ژنەکە نە خەرجی و نە وەراسەتی بەرناکەوێت ئەگەر پێشتر ڕێک نەکەوتبن لەسەری.

* چەندایەتی لەم زەواجە نییە، ژمارە دیاری نەکراوە. ئەمە مانای چییە؟ مانای ئەوەیە: هیچ سنوورێک نییە بۆ ژمارەکە، لە زمانی ئبن جریح فەقێ مەکە دەگێڕنەوە کە بەم شێوەیە 70 ژنی هێناوە بۆ ئەوەی پشتگیری بکات.
پاشان د. فەرەج فۆدە دەچێتە سەر شەرە تەفسیرکردنی ئایەتەکان و حەدیسەکان کە هەریەکێک لە شیعەو و سونە بەڵگە دەهێننەوە بۆ ڕاستی بیرو باوەڕەکانیان.

،

ئێستە زۆر لە ماڵپەڕەکان و ڕۆژنامەکان باسی قسەی نور عەلی بەهبەهان دەکەن کە لە مزگەوتی تاران وتی: شیعەکان لەزەت ببینن لە زەواجی موتعە چوون خودا حەڵالی کردووە. ڕەفسەنجاریش کاتی خۆی پشتگیری کرد. تازەترینیان لەم بارەیەوە پشتگیری وەزیری ناوخۆی ئێرانە لە زەواجی موتعە، دەڵێ: ( زەواجی موتعە هەوڵدانە بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وڵات کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە. ئەمەیە داهێنان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە، بە بێ شەرم و بە بێ سڵکردنەوەی لەوەی کە سەردەمی نوێیە، بەڵام ڕەنگە بە گوێرەی ڕۆژمێرەکەیان هەرساڵانی کۆنە.
پێش 15 ساڵ دکتۆر فەرەج فۆدە باسی موتعەی کرد، ئەیانوت قسە هەڵدەبەستێت و دەیەوێ ئاژاوە بناتەوە و خوێنی ڕشت لە پێناو بەرزڕاگرتنی وشەی ئازاد. بەڵام دوای ئەم مێژووە وا بۆ 15 ساڵ دەچێت، ئێران بە دەزگای دەوڵەتییەوە و بە میدیا و بە پراکتیکیش و بێ شەرم باسی زەواجی موتعە دەکەن.
هەر لە ئێران و میسر هەزارەها منداڵی بێ باوک هەن لە ڕێگەی ئەم جۆرە زەواجەوە .
نووسەری عێراقی جاسم ئەلموتێر، لە یەکێ لە بزمارەکانیدا دەنووسێت: ( لە تاراندا دوو پیتکردن( تخصیب) سەرکەوتنیان هێنا، پیتکردنی یۆرانیۆم و پیتکردنی زەواجی موتعە).
بە هەموو شێوەیەک ژنان هەتک دەکرێت، بە دەستوور و بە تاکە کەسی و لەڕێگەی کەلتوور. کوشتنی ژنانیش هەر بەردەوامە لە کوردستان.

سەرچاوەکان.

1_ عفیف الاخضر. الاسلامیون المثقفون، مشروع اضطهاد.
2_ فرج فوده. ویکیبیدیا الموسوعە الحرە.
3_ د. خالد المنتصر. حتی لاننسی فرج فوده. بمناسبة ذکری 10 سنوات علی تألیف الکتاب الذی قتله.
4_ ایلاف 2-6-2007.
5_جاسم المطیر، مسامیر 1329.
6_ د. فرج فوده زواج المتعه.
*. نازانم خاوەنی ئەم ڕستەیە کێیە.